سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکییدا پیرۆزبایی لە حزبی شیوعی عێراق و کوردستان دەکات

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکییدا پیرۆزبایی لە حزبی شیوعی عێراق و کوردستان دەکات.

لە پەیامەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا هاتووە، ئەمڕۆ 31ـی ئادار، پیرۆزبایی یادی دامەزراندنی هەردوو حزبی شیوعی عێراق و کوردستان، لە سەرکردایەتیی هەردوو حزب و ئەندامان و جەماوەر و لایەنگرانیان لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەکەم، هیوای بەرەوپێشچوون و سەرکەوتنی بەردەوامیان بۆ دەخوازم.

نێچیرڤان بارزانی دەشێت، لەم یادەدا بە پێزانینەوە لە مێژووی خەبات و تێکۆشان و ڕێی نیشتمانیی هەردوو حزب لە عێراق و هەرێمی کوردستان و ئامادەیی و بەشداریان لە بزووتنەوە و ژیانی سیاسیدا دەڕوانین، هەروەها بە ڕێزەوە یادی هەموو ئەو تێکۆشەرانەیان دەکەینەوە کە تەمەنێکی درێژیان بۆ خزمەتکردن بە گەل و نیشتمان لە ڕیزەکانی حزبی شیووعیدا بەسەر برد.